هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و سەرچاوەمرۆییەکان
بەشی کارگێری

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الـوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الادارة والمواد البشرية
قسم الادارة

ژمارە :
ڕێکەوت : ٢٧ کوردی

NO :
DATE

بەیانی ژمارە ( ٩ ) ی ساڵی ٢٠٢٠

مەرجەکانی هاوردەکردنی ئوتۆمبێل

دوابەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە هەردوو کۆنووسی هاوبەشی نێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ڕۆژانی ٩ و ٢٠٢٠/١/١٤ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:

مەرجە گشتییەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل

ماددەی یەکەم:

١- بڕوانامەی (COC) تایبەت بۆ ئۆتۆمبیل کە لە دەروازەیەکی سنووری هاوەردەکرێن دەبێت بڕوانامەی ئەو کۆمپانیایانەی بۆ بکرێت کە لەو دەروازە سنوورییە کاردەکات و مۆر و پشتراست بکرێتەوە.

٢- ئامێرکانی کشتوکاڵی و بنیادنانی (الزراعية و الإنشائية) تا ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٥ لەلایەن تاقیگەکانی کواڵیتی دەروازە سنوورییەکانەوە پێویستی بە بڕوانامەی (COC) نییە و داوا ناکرێت و لە دەروازە سنوورییەکان پشکنینی کواڵیتیان بۆ بکرێت، بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بەهاوردەکردنیان نادرێت بە هاتنە ژوورەوەیان لەدوای ئەم ڕێکەوتە بەبێ بڕوانامەی (COC) بەڵام لەدوای ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٥ پێویستە (COC) بۆ بکرێت.

٣- ئۆتۆمبیل دەبێت دوو ئێرباگی هەبێت شوفێر و تەنیشت شوفێر و ئۆتۆمبیلی جۆری پاص کوشنی لای شوفێر نەبێت بە یەک ئێرباگ ئاساییە و دەهێندرێتە ژوورەوە.

٤- ئۆتۆمبیلی کلاسیک بەهەمان ڕێنمایی پێشوو دێنە ژوورەوە و کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت.

٥- هێنانە ژوورەوەی ئۆتۆمبیلی خوار مودێل تەنیا لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری دەبێت و کار بە هیچ نوسراوێك ناکرێت کە بە واژووی وەزیری ناوخۆ نەبێت.

٦- ئۆتۆمبیلی کارەبا یان هەجین بە ڕسوماتی (٤) پسنون تۆمار دەکرێت.

٧- هەڵە لە مەنەفستی ئۆتۆمبیلی تۆمارکراو یان تۆماری یەکەمین جار لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرکی پارێزگاکان چارەسەر دەکرێت.

٨-ئۆتۆمبیلی جۆری پاص کە کوشنی لای شوفێر نەبێت، بەیەک ئێرباگ ئاساییە بهێنرێتە ژوورەوە کە لای شوفێرە و ئۆتۆمبیلی کشتوکاڵی و بنیادنانی (الزراعية و الإنشائية) ئێرباگی ناوێت.

٩- گشت ئەو ئۆتۆمبیلانەی بە سووتەمەنی (بەنزین، گاز، غاز، کارەبا) کاردەکەن دەهێنرێنە ژوورەوە بەپێی ڕێنماییەکان.

١٠- دەبێت (ئێرباگ) و (ABS)ی هەبێت واتە شوفێرو تەنیشت شوفێر.

## مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو

**ماددەی دووەم:**

١- ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە تا ٢٠٢٠/١/١ هاتوونەتە ناو حەرەمی دەروازە سنوورییەکان ، رێگەیان پێدەدرێت بهێنرێنە ناوەوەی هەرێم لەدوای ئەم رێککەوتە کار بۆ هیچ ئۆتۆمبیلێکی دیکە ناکرێت کە (Clean Title)ی نەبێت ئەگەر هاتبێتە ناو حەرەمی دەروازە سنوورییەکانیش.

٢- (Clean Title) ئۆتۆمبیلی ئەمریکی دەگرێتەوە کە حاڵەتەکانی (لێدراو و ژێر ئاو کەوتوو و چاککراو)ی نەبێت، ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە (لێدراو و ژێرئاوکەوتوو و چاککراو)ن یان (Clean Title)یان نەبێت کە لە گشتاندنی وەزارەتمان ژمارە (٢٣٦٣٦ لە ٢٠١٩/١٢/١٩)دا هاتووە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: دەبێت ئۆتۆمبیل هیچ لێدراوی نەبێت و ژێرئاوکەوتوو و چاککراو و بۆیەکراویش نەبێت، بۆ ئەم مەبەستە پشت دەبەسترێت بە راپۆرتی کار فاکس کە لە وڵاتانی (ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، مەکسیک) بۆی دەکرێت، سەرەرای ئەم راپۆرتە پشکنینی (COC)یان بۆ دەکرێت ئەگەر دەرکەوت کە ئۆتۆمبیلەکە لێدراوە پشت بە پشکنینی کۆمپانیاو بروانامەی (COC) دەبەسترێت (واتا لە هەر بەڵگەنامەو پشکنینێک دەرکەوت (Clean Title) ی نییە رێگەی پێنادرێت.

٣ – بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان پابەندن بە تۆمارکردنی سەرجەم ئۆتۆمبیلەکانی هاتوو لە برگەی ١ی سەرەوەدا هاتوون.

٤- لیژنە هۆنەرییەکان کە بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٣٥٩٥) لە ٢٠١٩/٨/٨ پێك هێنراون بەردەوام دەبن تا ٢٠٢٠/٦/١ بۆ پشکنینی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە برگە (١)ی سەرەوە هاتوون لەبەر ئەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی پێش ٢٠١٩/١٢/٣١ هاتوونەتە ناو هەرێم زۆربەیان تۆمارنەکراون.

٥-ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەلایەن هاووڵاتیان هاوردە دەکرێن لە وڵاتانی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، مەکسیک) نەک کۆمپانیا، دەبێت (COC) یان هەبێت و (کار فاکس)یان بۆ بکرێت.

٦- ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی (کار فاکس) پەیرەو ناکرێت، داوای سیستەمی ئەو وڵاتە بکرێت کە کاری پێدەکرێت و دواتر لە دەروازە سنوورییەکان پشکنینی کواڵیتی بۆ بکرێت.

٧- ئەو ئۆتۆمبیلانەی پێش ٢٠٢٠/١/١ داخلی دەروازەکان بوون و (COC)یان نییە لە دەروازە سنوورییەکان پشکنینی کواڵیتیان بۆ بکرێت بەپێی بەیانمان ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٩.

## مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی (سفر کیلۆمەتر)

**ماددەی سێیەم:**

١- هەر ئۆتۆمبیلێکی (کیلۆمەتر سفر) بروانامەی (COC) لەگەڵدا نەبێت دەستی بەسەر دادەگیرێت و دەنێردرێنەوە بۆ ئەو سنوورەی کە لێیەوە هاتووە و بەهیچ شێوەیەک تۆمار ناکرێت.

٢- ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە بۆ فەمانگەکانی حکومەتی هەرێم دەهێندرێنە ناوەوەی هەرێم تەنیا بە ژمارەی میری تۆمار دەکرێت و ناکرێت خاوەندارێتی بگوازرێتەوە جگە لە وانەی کە بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی ١٩٨٦ دەفرۆشرێت لە ٢٠٢٠/١/١٤ وە هەر ئۆتۆمبێلێك بهێندرێنە ناوەوەی هەرێم بە پێی یاسای ئامازەپێکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لە کاتی فرۆشتنی.

٣- ئۆتۆمبیلی (کیلۆمەتر سفر) تەنیا پشت بە (COC) و پشکنینی کۆمپانیاکانی پشکنینی دەروازە سنوورییەکان دەبەسترێت.

٤-ئۆتۆمبیلی دەبێت لە (١٠٠) کیلۆمەتر زیاتر نەرۆیشتبێت کاتێک دەگاتە دەروازە سنوورییەکان و بە (کیلۆمەتر سفر) ئەژماردەکرێت.

## سزاکانی سەرپێچیکردن

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** ئەگەر کۆمپانیاکانی پشکنینی کوالیتی پابەند نەبن بەم برگانەی لەم بەیانە هاتووە بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی (لێدراو و چاککراو و ژێرئاوکەوتوو) یان هەر پارەچەیەکی لەسەر ساغی بۆیەکراو سزای پێبژاردن دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بۆ جاری یەکەم بڕی (٥،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک.

٢- بۆ جاری دووەم بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا دە ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک.

٣- بۆ جاری سێیەم بڕی (٣٠،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا سی ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک.

٤-هەر جارێکی دیکە کە دووبارە بێتەوە (٢٠،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا بیست ملیۆن دیناری دیکە دەخرێتە سەر دوای سزای پێشتری کە دراوە بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک.

٥- ئەو بڕەپارانە دەخرێتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری و بەپێی پسوولەی ژمێرکاری (٣٧ أ) وەردەگیرێت.

**دووەم:** ئەگەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل بەپێچەوانەی ڕێنماییەکان ئۆتۆمبێل هاوردە بکەن و بهێننە ناو هەرێمی کوردستان ئەوا بەپێی بە پێی بەیانی ژمارە (٨) ساڵی ٢٠١٩ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت بەسزادانیان بە بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیون دینار.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بە هیچ بەیان و ڕێنمایی و نووسراوێك ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم بەیانە.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ:

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب.گ.گومرگ / لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.